


# ژنێکی لادێ جواب لە لەیلا فەریقی دەنێرێ کە یەکێک لە کوڕەکانی هەڵبژێرێ بۆ هاوسەری

پرسیارمان لە خاتوونی هونەرمەند کرد بەتایبەت لەو لایەنەوە کە زۆرێک لە کوڕان ئامادەیی ئەوەیان نییە کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچە هونەرمەندێک پێک بهێنن و ئەمەش یەکێکە لەو بەربەستانەی لە بەردەم بەژداربوونی زیاتری ئافرەت لە هونەردا دروست بوون و ئەو لەو رووەوە چ دەڵێ؟ ئەویش ووتی بەڕاستی ئەوە جێی داخەو سەلمێنەری ئەو واقعەشە کە کچە هونەرمەندەکان لە پێناو هونەرەکەیان ئامادەی قوربانی دانن. ئامادەی رووبەروو بوونەوەی ئەو هەموو هەڵە تێگەشتنانەن کە لەبەرامبە هونەر بوونی هەیە. زۆر جار کوڕی کورد عەشقی کیژە هونەرمەندێک دەبن و بەدڵیش حەزدەکەن ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێک بهێنن بەڵام تەسلیم بوونیان بەو کەلتورو تێگەیشتنە چەوتەی کە هونەری کردۆتە عەیبە جورئەتی بە جێ گەیاندنی ئەو حەزەو زۆرێک لە حەزەکانی دیکەشی لێ سەندونەتەوە بۆیە ناتوانن ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچە هونەرمەندێک پێک بهێنن لەبەر ئەوەی ئەوان کوڕ گەلێکن کە کۆنترۆڵی جموجۆڵ و جێبەجێکردن و دروست کردنی لایەن وپێداویستیەکانی ژیانیان بە دەست کلتورو نەریتێکی بەسەر چووەوەیە نەک بە دەست و ویست و حەزو ئیرادەی خۆیان بۆیە من لە کوڕان خۆیان دەپرسم تاکو کەی ئەوان ناتوانن هەنگاوێک بەرەو پێش هەڵهێنن لەو رووەوە؟! پرسیم تۆ ئەمە بۆچیدیکە دەگێڕیتەوە؟ ووتی: ئەوە بە نەوعێک لە بێ بڕوابوون بە خۆ دەبینم وا دەزانم ئەوانە هەست دەکەن لە بەرامبەر ئافرەتە هونەرمەندەکان زەعیفن ئەوەی کە ئەو ئافرەتانە توانیویانە بیکەن لە بەرانگار بوونەوەی ئەو زۆرینە عەقڵیەتە کە هونەری ئافرەتی لا رەفزە بە ئەوان ناکرێ. پرسیمان تۆ ئەمە بەهەڵە تێگەیشتن لە هونەر نازانی؟ ووتی: بەڵێ یەکێک لە هۆکارەکان هەڵە تێگەیشتنە بەڵام کەسانێکی دیکەش هەن کە زۆرباش لە هونەرو گرنگی هونەر گەیشتوون هەندێکیشیان لە نێو بوارەکەدان بەڵام هەمان شێوە تێگەیشتن لەنێو ئەوانیش هەیەو جورئەتی ئەوەیان نییە بۆ هاوسەربوون لە خانمە هونەرمەندێک بچنە پێش لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە خانمە هونەرمەندەکانیش ئامادەنین لەگەڵ هەموو کەس و هەموو کوڕێک ژیانی هاوسەری پێک بهێنن ئەگەر هونەر مەندیش بێت. بە خاتوونی فەریقیم ووت وەک دەزانی زۆر کات دایکان رۆڵ دەبینن لە هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ کورەکانیان. ئایا بەپێی ئەوەی کە بۆخۆیان ئافرەتن وادەزانی توانیبێتیان رۆڵێکی پۆزەتیڤ لە پێناساندن و باس کردنی ئافرەتە هونەرمەندەکان بە کورەکانیان ببینن؟ لە وەڵامی ئەوەشدا ووتی: بەداخەوە بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبینم زۆرێک لە دایکەکان رۆڵی نێگەتیڤ لەو بارەیەوە دەبینن بەتایبەت لە نێو شارەکان ئەوان هەولدەدەن کچێک بۆ کورەکانیان بخوازن کە دیارو بەرچاوو هۆشیار نەبێت نەوەک رۆژێک خوانەکردە لەوەڵامی قسەی کورەکانیان بڵێن وانییەو بە هەڵە داچوویت. کە دەڵێم لە نێو شارەکان مەبەست ئەوەیە هێشتا لە لادێکاندا روانینی جوانتر بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە نموونەش زۆرن کەمن لێرەدا نزیکترین نمونەت بۆ دەهێنمەوە، کاتێک لە گوندی حاجی ئەحمەد لە نزیک هاوینە هەواری پیرمام من لەگەڵ ستافێکدا سەرقاڵی کلیپ کردنی گۆرانی بێریڤان بووم برادەرێکم لەوانەی کە لەگەڵم بوون هاتە لام و ووتی لەیلا ئەو ژنە دەبینی سەیرت دەکا؟ ووتم بەڵێ. ووتی پرسیاری تۆدەکات و دەڵێ ئەو کچە مێردی کردووە؟ منیش پێم ووتوە نازانم با لێی بپرسم. من پێم ووت: دەی مێردم نەکردووە ئەو ووتی ئەو ژنە بە منی ووتوە کە بە تۆ بڵێم ئەگەر مێردت نەکردووە ئەو دووکوڕی هەیە بە دڵی خۆت لەو دوو کورە یەکێکیان هەڵبژێری بۆ هاوسەر بوون ووتم ئاخر من ووتی دەزانم تۆ چی پێم ووتوە ئەو تۆ دەناسێ ووتویەتی بەڵێ دەزانم ئەوە لەیلا فەریقییەو گۆرانی بێژە. پێم ووتوە چۆن کورێکی گوند لەگەڵ کچە هونەرمەندێکدا دەبێتە هاوسەر؟ ژنەکە ووتبوی من هاوسەریان بۆ هەڵدەبژێرم تۆ نازانی من لە سبەینێوە لەو کچە دەڕوانم دەبینم چۆن بەو حەیوانانەوە ماندووەو کۆیان دەکاتەوە کەوابێ ئەوە هاوسەرێکی باشی لێدەردەچێت بۆ کورەکانم ئەگەر رازیە. جالەو کاتەدا من زۆر ماندووبووم بە حەیوانەکانەوە چونکە کۆم دەکردنەوە تا بیاندۆشم لەبەر ئەوەی لە سیناریۆکەدا ئەو مەقتەعە هەبوو کە کامێراکەیان دادەنا دیسان رایان دەکردەوە دەبوو سەر لەنوێ کۆیان بکەمەوە ئەوەش بووبووە جێی سەرنجی ئەو ژنە گوندیە بۆیە دەیویست بمکاتە بووکی خۆی. لێرە لەم نموونەیە مەبەستم چییە؟ مەبەست ئەوەیە بزانە ژنێکی لادێ کە بزانێ کچێک هەیە لە رووی ماڵداری و پێویستیەکانی سەر ژنەوە بەکەڵکی کورەکەی دێت ئیدی کێشەی نییە ئەو ئافرەتە گۆرانی بێژە یا هەرچی هەیە گرنگ ئەوەیە ماڵداریەکەی بۆ بکات لەدوای ئەوە براوی وابێت نابێت دەست بهێنرێتە رێی چونکە ئەو دەیزانی من لەیلا فەریقیم و گۆرانی دەڵێم ئامادەییشی هەبوو بە مەرجێ ماڵداریەکەی بۆ بکەم بمخوازێ. بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا بەداخەوە لە شارەکاندا وا هەست دەکەم و واشم بیستووە کە ئەگەر کوڕێک ویستبێتی ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچە هونەرمەندێک پێک بهێنێت بە هەموو توانایان رێگریان کردووە ئەمەش بۆ وەڵامی یەک لە پرسیارەکانی پێشو دەگەڕێتەوە کە ئایا سەرپەرشتیاری خێزانەکان تا چەند ئازادی بۆ منداڵەکانیان دابین دەکەن و فێری هەڵبژاردنی ئازادیان دەکەن. دواین پرسیارمان لە خانمە هونەرمەند لەیلا فەریقی ئەوەبوو کە ئایا ئەو لە هەڵبژاردنی هاوسەردا کام لایەن رەچاو دەکات دەوڵەمەندی پلەو پایە جوانی ناوداری لێک گەیشتن فەقیری و هەژاری یان کەسایەتی هونەری؟ ئەویش لە وەڵامدا ووتی هەژاری و دەوڵەمەندی لای من گرنگ نییە من بەردەوام حەزم لە یاری کردن بە ووشە نییەو حەز بە راشکاوی دەکەم ئەوەی گرنگ بێت لەلای من ئەوەیە کە هەرکەسێک هەڵدەبژێری بەر لە هەڵبژاردن لێت تێبگات و لێی تێبگەیت چونکە هەموو ئەو شتانەی کە باست کرد ناتوانێت ژیان بۆ دوو کەس دابین بکات کە لە یەکتر تێنەگەن و بەو هۆیەوە بەردەوام ژیانیان لە کێشەدابێت بۆ من و واقیعی ژیانی ئێستای من کەسێک گرنگە کە لە هونەرو لە گرنگی هونەرو ژیانی هونەری و کەسایەتی من بگات.